## گرفتی کەمی خزمەتگوزاری لەگوندی دزوکی دۆڵی ڕوست

# *هاوڵاتییەك: لەبەر نەبوونی نەخۆشخانە زۆر جار نەخۆشخمان بەدار نەقالە گواستۆتەوە

# *قایمقامی قەزای چۆمان: لەگوندی گەزنە نەخۆشخانە هەیە، ناتوانین بنکەی تەندروستی تر بکەینەوە

**گوندی دزوك سەر بەشارۆچکەی سمیلانە لەقەزای چۆمان (٤٥) ماڵ دەگرێتە خۆیو لەساڵی ١٩٩١ ئاوەدان کراوەتەوە هەردەم لانەی شۆڕش بووە دووجار گواستراوەتەوە ئەم گوندە (٨) شەهیدی هەیە لەڕێگای کوردو کوردستان. سەبارەت بەخزمەتگوزاری ،هاووڵاتیان گازەندەیان هەیە.**

**ئامادەکردنی/ پەیامنێری ڕێگای کوردستان**

(ئێمەی دانیشتوانی گوندی دزوك هەرچەندە **گرفتی ڕێگامان هەیە بەڵام...)** ئەمەی سەرەوە قسەی هاووڵاتی (فەرزند حەمەد حسێن)ە کە موختاری گوندبوو لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ بنکەی تەندروستیمان نییە بەئێمەوە چوار گوندی دراوسێمان لەبەر ڕێگا هەمیشە گرفتمان هەیە، چونکە لەکاتی زستان لەم ڕێگا ناخۆشو سەختە ئۆتۆمبێل دەرناچێ. زۆر جار ڕێگاکان گیراونو ڕێگای پیادەش داخراوە بۆیە بۆتەگرفت لەبەردەم نەخۆشو گواستنەوەی بۆ بنکەی تەندروستی لە سمیلان.

**هاووڵاتی حسێن ئیسماعیل حوسێن دانیشتوی گوند وتی:** ئێمە زۆر کەمو کوڕیمان هەیە لەم گوندە، بەڕاستی ئەم ڕێگاو بانەی ئێمە هەمانە کەس پێیدا تێپەڕ نابێ هەر کەسێ بەم ڕێگایانەدا بڕوات لەژیانیدا جارێکی تر پێیدا ناڕواتەوە، ئێمە چوار گوندین لەتەك یەکترو جیرانین بێ بنکەی تەندروستین پێویستیمان بە بنکەی تەندروستی هەیە، زۆر جار نەمانزانیوە نەخۆش چی لێ بکەین کە بەم ڕێگایەدا بەسەیارەش بۆمان دەرباز نەبووە، بەدار نەقالەمان بردووە هەندێ جار ئەمەشمان پێ ناکرێ، مام حوسێن دەڵێ، چەند داوامان کردووە بەگوندی ( دزوك و کاولانو دولانە - نزاریە) لامان لێ نەکراوتەوە.

**حاجی قادر دەڵێ:** ئێرە لانکی شۆرش بووەو داوا دەکەین کە خزمەتگوزاری بگاتە ئێمەش، چونکە گەروا بڕوات دێهاتەکان چۆڵ دەبن، حاجی قادر زۆر بۆمان دواو لەکۆتاییدا داوای لەپەرلەمانو حکومەت و ناوچەو کۆمیتەو ناحیەو قەزا کرد کە گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکرێ.

**مەجید خدر قوتابی دەڵێ:** کە دەچینە قوتابخانە ئەم ڕێگایە گرفتێکە لەبەردەم چوونمان بۆ قوتابخانە بۆیە داوا دەکەین کە ئەم ڕێگایەمان بۆ چاك بکرێ.

**عەلی حسێن دەڵێ:** زۆربەی کات کە نەخۆشخانەمان هەبووە بیرمان لەچۆنیەتی بردنی بۆ چارەسەر کردۆتەوە لەبەر ڕێگاو نەبوونی بنکەی تەندروستی لەم گوندەو گوندەکانی نزیك ئێمە دەبوایە بەمچوار گوندە هەر هیچ نەبوایە بنکەیەکی تەندروستی هەبوایە گەر بۆچارەسەرکردنی سەرەتایش بووایە هەر باش دەبوو بۆیە داوا لە حکومەت دەکەم چاوێك بەداوا کارییەکاماندا بخشێنێت.

**یاسین عەزیز دەڵێ:** چەندین جارە ئەم گرفتانەمان ئاراستەی دامو دەزگاکان کردووە کەچی هەروا ماوەتەوە، بۆیە یاسین هیوا دەخوازێ کە ئەم گرفتانەیان بۆچارەسەر بکرێ.

**بەڕێز عەبدولواحید گوانی قایمقامی قەزای چۆمان سەبارەت بەم گرفتانە وتی:** بەشێوەیەکی گشتی لەسنووری ناحیەی سمیلانی دۆڵی ڕوست توانیومانە کۆمەڵێ پرۆژە پێشکەش بکەین لەگەڵ ئەوەدا ناوچەکە گواستراوەتەوە هەموو شتێ خراپ کراوە، هەرچەندە پرۆژە پێشکەش بکەین ناتوانین کۆتایی بەگیروگرفتەکان بهێنین، سەبارەت بەگوندی دزوك قوتابخانەی سەرەتاییو مۆلیدەمان بۆ دابین کردوون، بەڵام گرفتی سەرەکی ڕێگایە هەرچەندە توانیمان ڕێگاکەیان ئەم ساڵ پاك بکەینەوەو بەرینی بکەین، بەڵام ساڵی ڕابردوو بەهۆی نەبوونی پارە نەمانتوانی پرۆژەکە ئەنجام بدەین وەکو قایمقامی قەزای چۆمان کەمتەرخەمیمان نەکردووە هەر ڕێگای ئەم گوندە نییە گوندەکانی تریشن لەسەر ئەم ڕێگایە وەکو ئاشی (خدر ئاغا) تا دەگاتە (هەوێزە بۆر) گوندی چۆم برسیو نزاریو دزوكو کاولانو هەوێزە بۆرو چاوکە، سوود وەردەگرن، پرۆژەی ڕێگاو بان لەبەرنامەی (٢٠٠٧) دایە هەوڵێك دەخەینە گەڕ ئەم گوندانە ڕزگار بکەین لەگرفتی ڕێگا، بنکەی تەندروستی لەبەر کەمی ڕێژەی دانیشتوانی دروست نەکراوە، بەڵام لەگوندی گەزنە هەیە کە نزیك بەگوندەکەیانە، کە دووری ( ٢کم) ە ناتوانین بنکەی تەندروستی تر بکەینەوە.

---

## گوندی بەرزێوەو گرفتی ڕێگاو بانو کەم ئاوی

# *هاوڵاتییەك: سەرچاوەی ئاوی ئێمە ڕووبارە، هەرچەندە دووریشە، بەڵام ناچارین

**ئا/ پ. ڕێگای کوردستان**

(چەندین گرفتی خزمەت گوزاری **لەگوندەکەماندا هەیە)** ئەمەی سەرەوە قسەی **هاوڵاتی (پەیمان غەمگینە) دەڵێ:** گرفتی ئاوو ئاوەڕۆکانو کارەبامان هەیە گرینگترینیان تۆڕی ئاوی خواردنەوەیە گوندەکەمان بێ بەشە لەو ئاوە لەوەرزی زستاندا بەهۆی باران بارینو لافاو تووشی کێشەیەکی زۆری ئاوی پاكو خواردنەوە دەبین (سەفەریش) ئەو کوڕە لاوەبوو هەر سەبارەت بەئاوی گوندەکە دواو وتی: بەڕاستی نەبوونی تۆڕی ئاوی خواردنەوە ئاستەنگێکی زۆری بۆ هاووڵاتیان دروست کردووە کە زۆرجار ئاومان لێ پیس بووە بەهۆی هاتنی لافاوو نەبوونی ئاوێکی پاك.

سەفەر ئاماژە بەنەبوونی زبڵدان دەکاتو دەڵێ، پاشماوەی زۆر لەگوندەکەمان کۆبۆتەوەو کە ئەمەش مەترسی نەخۆشی لێ دەکرێت، چونکە زبڵدانی لێ نییە.

**ئیدریس عەبدوڵا کە قوتابی پۆلی پێنجەمی وێژەییە دەڵێ:** ئێمەی قوتابی گەنج یاریگایەکمان نییە، چونکە گوندەکەمان چەندین یاریزانی بەتوانای تێدایە، بەڵام نەبوونی یاریگا وای لەیاریزانان کردووە کە واز لەوەرزش بهێنن، ئەمە سەرەڕای نەبوونی تۆڕی ئاوی خواردنەوە لەگوندەکەمان بۆیە بەهۆی سەرماو سۆڵو لافاو لەوەرزی زستان تووشی کێشەی بێ ئاوی دەبین.

**(یاسین عوسمان) سەرەڕای ئاماژە کردن بەئاوی خواردنەوە ئەو دەڵێ:** زۆربەی گوندەکەمان مۆلیدەی کارەبایان بۆ دابین کراوە کەچی بەرزێوە (٢٠٠) ماڵ دەبێ بێ کارەبایەو مۆلیدەی لێ نییە .

**ڕێژیار بەرزێوەیی دەڵێ:** زۆر جار داوامان کردووە کە ڕێگاکانمان نەوتی ڕەشی لێ بدەن کەچی نەیانکرد ، ساڵی ڕابردوو چەگڵو بەردیان بەلۆری لێ دەگواستەوە خەڵك لەدەستی بێزار بووبوون کە ئەمەش تۆزو خۆڵێکی زۆری پەیدا دەکرد.

**پەروانە کە کچێکی قوتابی بوو لەپۆلی دووەمی ناوەندی وتی:** زۆر گیروگرفتمان هەیە، بەڵام لەهەمووشیان گرینگتر ئاوی خواردنەوەیە سەرچاوەی ئاوی ئێمە ڕووبارە هەرچەندە دووریشە، بەڵام ناچارین.

**ساڵح خالید قوتابی پێنجەمی وێژەیی دەڵێ:** حکومەتی ئێمە هەر دەڵێ ساواین، باشترە پارە لەپرۆژەی هەنووکەییو پێویست سەرف بکرێ، ئەوەتا گوندەکەمان تۆڕی ئاوی خواردنەوە کە گرینگترین سەرچاوەی ژیانە لێی نییە.

**سەبارەت بەئاوی بەرزێوە بەڕێز ستار قادر لەفەرمانگەی ئاوی گوندەکان وتی:** لەبەرنامەمان دایە کە ئەم تۆڕە نۆژەن بکرێتەوە لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەری بەرزێوە جیابکرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بودجە وەستاوە بۆیە دواکەوتووە.

---

## دابەشکردنی نەوت لە قەزای خورماتوو:

# *هاووڵاتییەك: دوو جار نەوت هاتووە، بەهۆی خڕوقاتو تەجاوزاتی کاربەدەستانەوە بەرمان نەکەوتووە.

# *ژنێکی کەسو کار ئەنفالکراو: خۆمو منداڵەکانم مووچەکەمان (١٥٠,٠٠٠) دینارە (١٠) ڕۆژە لە سەری نەوتدا وەستاوم، مێردەکەم (١٥) ڕۆژە لە بەر سەری نەوت نەچۆتە کرێکاری.

**ئا: ئازاد حەمید**



***بریکاری لقی دابەشکردنی نەوت:** ئەگەر ڕۆژی یەك تەنکەر نەوت بێت کێشە نامێنێ. کێشەی سوتەمەنی بەهەموو جۆرەکانیەوە یەکێکە لە کێشەکانی هاووڵاتییان لەسەرتاسەری عێراقدا، لە پاش ڕووخانی بەعسەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵۆزتربووە، قەزای خورماتوو یەکێکە لەو شارانەی کە هاووڵاتییانی گیرۆدەی ئەم کێشەیەن، ڕۆژانە کێشە دروست دەبێت لە وێستگەکانی غازو نەوتو بەنزینخانەکاندا لەم وەرزی زستانەداو خەڵکی زیاتر لە هەوڵی وەرگرتنی نەوتدان، بۆ ئەم مەبەستە بە باشمانزانی چەند هاووڵاتییەك سەبارەت بە کێشەی نەوت بدوێنین.

لە وێستگەی بەنزینخانەی کۆن (القدیمە) لە دەرگای پشتەوە چەند هاووڵاتییەك بەدیار بەرمیلەکانیانەوە وەستابوون، کە هەریەکەیان لەسەر کێشەی کاتی ئەم شارە بەم شێوە هاتنە دوان:

**ئافرەتێك بەناوی (سەبیحە حوسێن) دانیشتووی گەڕەکی (ئیمام ئەحمەد):** لە ڕۆژی جەژنەوە تاکو ئێستا هەموو ڕۆژی دێم بۆ ئێرە، بە تە نکەر نەوت دێو بەر ئێمە ناکەوێ.

کە ئەیدەنە وەکیل تاکو بیدات بە ماڵەکان نایدا! ئەمە ژیان نییە، هەستی مرۆڤایەتی نییە، بۆ قائیمقام تەنکەرێك دەچێت، بەشی بەڕێوەبەر تەنکەرێك دەردەچێت، بۆئێمە هاووڵاتی عێراقی نین؟!

**ڕزگار قادر:دانیشتووی گەڕەکی کۆماری**

من پێشتر لای بریکارێك بە ناوی (عاسی) لە گەڕەکی عەسکەری کارتەکەم وەرگرت چووم نەوت وەربگرم وتیان نییە، ئینجا چووم بۆ لای وێستگەی دۆرە کە ڕۆژی ٥٠٠ دینارم ئەدا بەکرێی حەرەسیاتی بەرمیلەکە، لەوێش فەشەلی هێنا، ئێستاش لێرە وێستگەی کۆن بۆ ماوەیەکی زۆرە، ڕۆژی ٥٠٠ دینار ئەدەم، کاتێك کە نەوت دێت ئێمە ڕیز دەبەستین، بەڵام خەڵکێك، لەبەر ئەوەی خزمی فلان بەرپرسە ئەیخەمە پێش ئێمە، ئەگەر وایە بۆ کارتی وەرگرتنی نەوتمان پێ ئەدەن؟.

***محەمەد خەلیل: گەڕەکی "حوسێن"**

هیچ سوودی نییە، ئێستا چووم بۆ لای قائیمقام وتی بچۆ بۆ (ئەنجومەنی شارەوانی) ئەوانیش وتیان بۆ (کارت) تان کردووە؟ (١٠٠٠) بەرمیل کارتی وەرگرتنی بۆ کراوە، قائیمقام بابێت تەماشای ئەم وەزعە بکات بزانێ خەڵك حاڵی چۆنە؟! خۆم ١٨ ڕۆژە بەرمیلەکەم لە ڕیزدا داناوە، خەڵکی وا هەیە مانگێك زیاترە.

***ئافرەتێکی کەسو کار ئەنفالکراو بەناوی (فکریە عەباس) لە گەڕەکی عەسکەری: کێشەی** ئێمە نەوتو غازە، کەسو کارم ئەنفالەو خۆمو منداڵەکانم مووچەیەکمان هەیە ئەویش (١٥٠,٠٠٠) دینارە، بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژە بەرمیلەکەم داناوەو ڕۆژی ٥٠٠ دینار ئەدەم بە حەرەسی بەرمیلەکەم، بزانە چەند ڕۆژی تر بەرم دەکەوێ؟ مێردەکەم ١٥ ڕۆژە بە دوای نەوت وەرگرتنەوەیە نە ڕۆیشتووە بۆ کرێکاری.

***لاوێك بەناوی میعاد محەمەد** کە لە چاوەڕوانی نەوت وەرگرتندا بوو دانیشتووی برایەتی بەم شێوەیە باسی لە کێشەکەی کرد:

کێشە لەوە نییە بەرهەمی نەوت هەیە یان نا، خۆیان کێشە دروست دەکەنو ڕێکخستنی دابەشکردن نییە، ئەوەی مانگێکە ڕیزی بەستووە لەگەڵ ئەوەی ئەمڕۆ ڕیزی بەستووە یەك شتە، وا خەریکە وەرزی زستان تەواو دەبێت مانگێگە نەوت لە بازاڕ ئەکڕین، مووچەکەم (٢٤٣) هەزار دینارە، ٢٠ لیتر نەوت بە ٢٠ هەزار دەکڕم ٧ ڕۆژ پێش جەژن بەرمیلم داناوە لە ڕیزدا ٢ جار نەوت هاتووە لەبەر خڕوقاتو تەجاوزات لەلایەن کاربەدەستانەوە نەوتم وەرنەگرتووە. ئێستا کێشەی هاووڵاتییان هەمووی لە بەنزینخانەو غازخانەو نەوتخانەدایە، زۆربەی کاتیان لەم شوێنانە سەرف دەکەن، ئەمەش شەڕێکی دەروونیە، لەم شارەدا هەر وێستگەو شێوەی دابەشکردنی خۆی هەیە، تابلۆیەکیان هەڵواسیوە تێدا نووسراوە، لەبەر ڕەوشی ئەمنی نەوت ئەدەین بە بریکارەکان ئەوەش تەنها قسەیەو جێبەجێ ناکرێت.

***حەسەن عەباس،** دانیشتووی بنارو حەرەسی بەرمیلەکان لە وێستگەی کۆن (القدیمە) بەم شێوەیە دوا:

بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژە لێرەم، خەڵکی وا هەیە ١٠ ڕۆژ پێش من لێرە بووە، بۆ هەر بەرمیلێك (٥٠٠) دینار وەردەگرین کە بە شەوو ڕۆژ حەرەسیاتی ئەو بەرمیلانە دەکەین.

(٢٨٠) بەرمیلمان لایە زۆر خەڵك پارە نادات من لە هەموو خەڵکێکی ناسێنم ئەگەر بزانم هەژارەو ئیمکانیاتی نییە، منیش شەو تا بەیانی ئەم سەرمایە لێم ئەدات، ئەگەر بەرمیلێ بفەوتێ لێم ناپرسن بڵێن کوا بەرمیلەکەمان؟

لە پاش ئەوەی چەند هاووڵاتییەکمان دواند بە باشمانزانی سەردانی بەڕێز (وەهاب محەمەد) بریکاری لقی دابەشکردنی سوتەمەنی لە قەزای خورماتوو بکەین.

**-هۆی کێشەی سوتەمەنیو نەوت بەتایبەتی ئەگەڕێتەوە بۆچی؟**

+بەگشتی ئەم قەزایە پێکهاتووە لە (٢٨٥٠٠) خێزان (١٨٢٥٠) لەناو خودی شارەکەدایە، (١٢٥٠) لە دەرەوەی شاردان، ئێمە پێش وەزارەتی نەوت کۆمپانیای دابەشکردنی نەوت لقی کەرکوك پێمانیان ڕاسپاردووە بەشە نەوت دابەش بکەین بەسەر بریکارەکانی خۆراکدا کە (١٥١) بریکاری خۆراك هەیە.

ئێمە لە سەرەتای مانگی ٩ی ساڵی ڕابردوودا ئەم دابەشکردنەمان کرد بەسەر ناوخۆو دەرەوەدا، یەکەم مانگی ٩و ١٠ هەر کابولێك (٢٠٠) لیتر نەوت بوو بۆ هاووڵاتییان مانگی (١١و ١٢ی /٢٠٠١) لیتریان وەرگرت بەپێی ئەو (مستودع)ەی کە لە کەرکوکەوە بۆمان دێت، کاتێك کە خەڵکەکە تەواو نەبوو مانگی (ئەمساڵیان دایە دەمی کە بکاتە ٣ مانگ (٢٠٠) لیتر بەپێی (منتجاە)ی کەرکوك.

سەبارەت بەوەی کە نەوتەکە کەمە ئێمە هەموو ڕۆژێ کاتژمێر ٩-١٠ هەڵوێست وەردەگرین لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کەرکوك، پێمان دەڵێن کە چیتان بۆ دێ گاز یان نەوت یان بەنزین؟.

کاتێ ئەڵێین بۆ نەوت نایە؟ ئەوانیش لە وەڵامدا پێمان دەڵێن یەکەم، لایەنی نێوان بێجی-کەرکوك بە بەردەوامی لێی ئەدرێت، دووەم ئەومەسفیانەی کە هەمانە لە کەرکوك (٥٠٠,٠٠٠) لیتر لە لە ماوەی ٢٤ کاتژمێر بەرهەم دێنێت کە ئەکاتە (١٩) ئۆتۆمبێلی گەورەی نەوت ئەمەش دەبێ دابەشی بکات بەسەر پارێزگاکانی هەولێرو دهۆكو سلێمانیداو ئێمەش لەگەڵیان، کە چوار ڕۆژ جارێك سەیارەیەکمان بەردەکەوێت ئەمەش کەمە، کێشەی نەوت بەردەوامە نەك هەر لە خورماتوو، بەڵکو لە هەموو شارەکانی عێراق، ئەگەر نەوت هەبێت لە لقی کەرکوك ئەوا ئەماندەنێ، ئەنجومەنی شارەوانیو قائیمقام کاتێك کە ئەزمەی نەوت هەیە ئەتوانن سەردانی لقی کەرکوك بکەنو داوا بکەن بۆ خەڵکی دوزخورماتووو نەوت دابین بکرێت.

**-خەڵکی پێی وایە هۆکاری ئەزمەکە ئەگەڕێتەوە بۆ هۆی ڕێکخستنی دابەشکردنی نەوت؟**

+ ئێمە داوامان کرد کە ئەنجومەنی شارەوانی خشتەیەك دابنێت با ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی دابەشی بکات بەسەر وێستگەکاندا بۆ ئەوەی تێبگەن لە کێشەی نەوت لە وێستگە حکومیو ئەهلییەکانو (ساحە)ی نەوت، با خۆیان ئیشراف بکەن، هاتن لەهەر وێستگەیەك ئەندامێکی ئەنجومەنی شارەوانیان دانا ئێمە کاتێکمان دەستنیشانکرد لەگەڵ ئەو ئەندامەدا کە هەموو سجلو حیساباتێك لای ئەو کاتبەیە، کاتێك کە نەوت دابەش ئەکەن بە قائیمە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە خەڵك قائیمەی پێ باش نەبوو وتیان: ئێمە بەرمیل دادەنێین، سەبارەت بەوەی کە خەڵك دەستی ناکەوێت کەم دێت، ئەگەر هاتو هەموو ڕۆژێ تەنکەرێ نەوت بێت بۆ حکومییەکان کێشەی نەوت نامێنێت، ئێستا ئەندام ئەنجومەنی شارەوانییەکان ناتوانن بیبەن بەڕێوە کێشە دروست دەبێت!، لێرەشەوە هەموویان ڕێکەوتن کە بە هاووڵاتی بدرێت بە (حەماڵ) ئەدرێت، ئینجا بە هاووڵاتیان درا (حەماڵ) چوو سکاڵای کرد وتیان ئێمەش کارتی دابەشکردنی نەوتی هاووڵاتیانمان هێناوە، خەڵکی هەژارین، ڕزقمان لەسەر ئەم کارەیە، وتیان نیوەی حەماڵ وەری بگرێت نیوەی هاووڵاتییان خۆیان، ئەوەشیان پێ باش بوو تاکو لە قائیمقامیەت کۆبوونەوەو وا ڕێکەوتن (٩٠) بەرمیل هاووڵاتی وەری بگرێو ٧٠ بەرمیل بۆ حەماڵەکان بێ کە نەوتی ئەو خەڵکانەیە کە کارمەندی حزبیو حکومین خۆیان پێیان ناکرێت وەریبگرن.

**-ئەو بڕە نەوتەی کە بۆتان دێت بریتییە لە (١٨٠) بەرمیل چۆن هەر جارەو ناوی (١٨) خێزان تۆمار ناکەن، ئیتر بۆ خەڵکی بەرمیل لە ڕیزدا بنێت؟**

+ئێستا ئێمە (ئاگاداری) وێستگەکانی خۆمان کردووە لە ڕێگای ڕێنمایی لقەوە، جگە لەوەش کە ئەنجومەنی شارەوانی ڕێنمایی خۆی هەیە لەبەر ئەوەیە بەرپرسی یەکەم لەم قەزا ئەنجومەنی شارەوانییە لەگەڵ قائیمقام، داوایان کرد کە ئێمە (قائیمە) بکەین (قطع) بکەین کە پێشتر باسمکرد نیوەی بۆ حەماڵو نیوەی بۆ هاووڵاتییان لەسەر ئەم بەرنامەیە ڕێککەوتن.

**-خەڵکی گلەیی دەکەن لە پۆلیسەکان کە ڕاستەوخۆ بە ئۆتۆمبێل بەرمیل نەوت پڕ دەکەن؟**

+ئەو پۆلیسەی کە نەوت ئەبا بە (قەسمیە) ئەیباتو ناوی نووسیوە، واتە ئەوە نییە لە خۆیەوە بیبات، بۆ ئەوەی ڕاستی کەمەوە پۆلیس (قەسمیە) پسوولەی وەرگرتنی نەوتی هەیە.

**-هاووڵاتیان ئێستا پێیان باشە بدرێت بە بریکارەکان؟**

+ ئێمە دەمانەوێت ئەو (١٨٠) بەرمیلە کە دێت دابەشبکرێت بەسەر خەڵکیدا ئێمە کێشەمان نییە، خەڵکی خۆی کێشەی هەیە لە نێوان حەماڵو بریکارەکاندا، بەڵام هەموو هۆکارەکان ئەوەیە کە نەوتمان بەکەمی بۆ دێت، ئەگینا هیچ کێشە نابێت.

**-ئێوە دوا چارەسەرتان چییە؟**

+لەدوا چارەسەر قسەمان کردووە لەبەر ئەوەی مەرجی خۆمان هەیە بەپێی کۆمپانیای دابەشکردنی کەرکوك، هەموو ڕۆژێ قسە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی کەرکوك دەکەینو ئەویش دەڵێ نەوتەکە کەمە، لیژنەیەك دانراوە نەوتەکە بەسەر سنووری خۆیدا دابەش دەکات، ئەگەر نەوتمان بۆ نەنێرن هیچ چارەیەکمان نییە تەنها دەتوانین بیدەین بە بەڕێوەبەرایەتی.

**-چەند ڕۆژ جارێك نەوت دێت؟ ئێوە بۆ کام وێستگە دەستنیشانی دەکەن؟**

+مانگێك زیاترە ٤- ٥ ڕۆژ جارێك (٣٦٠٠٠) لیتر دێت بۆ ناوخۆ، ئەوەش لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای دابەشکردنی نەوتی کەرکوکەوە دەستنیشان دەکرێت تاکو بۆ کام وێستگە ببرێت.

---

# کۆمپانیێن سعودی دێ (٣٥٠٠) خانیا ل دهوکێ ئاڤاکەن

هەروەسا ل سپێدەیا ٤ / ٢ / ٢٠٠٧ ڕێزدار گورگیس شلێمون جێگری پارێزگەرێ دهوکێ پێشوازیا ( علی جعیدی) ڕێڤەبەرێ کومپانیا (العبور الثلاثة)یا سعودی وشاندێ دگەلدا کر، دهەڤدیتنەکێ دا بەحسێ سەرەرو بەرێ دەڤەرێ ژووریێ ئاڤەدانکرنێو خورتکرنا کارێ کومپانێن بیانیو ب تایبەتی کومپانێن سعودی ل هەرێما کوردستانێ هاتە کرن نەخاسمە پشتی پەسندکرنا یاسا وەبەرهەم ئینانێ ل کوردستانێ هاتە کرن، کومپانیا ناڤبرێ بەرهەڤیا خو دیار بو ئاڤاکرنا (٣٥٠٠) خانیا ل سنورێ پارێزگەها دهوکێ کو هەر خانیەك ل سەر روبەرێ (٢٠٠م) ٢ دێ هێتە ئاڤاکرن ب شێوێ وە بەرهەم ئینانێو دیارکر کو پێدڤی ب (٦٠٠) دونەمێن ئەردی هەیە بو ڤی پرۆژەی، ژلایێ خوڤە جێگرێ پارێزگەری بەرهەڤیا کارگێریا پارێزگەهێ بو هەمی ئاسانکاریا ژبو سەرکەفتنا کارێ وان دیار کر. هەڤژی گوتنێ یە کو کومپانیا ناڤبری دێ ( ٨٠٠) خانیا ل هەولێرێ و هژمارەکێ ژی ل سلێمانیێ ئاڤاکەن.

---

# ئاوارەکانی کەرکوك لەقەڵادزێ تا بارودۆخ ئاسایی نەبێتەوە ئامادەنین بگەڕێنەوە

**محەمەد چاوشین / قەڵادزێ**

لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کەرکوك بەهۆی زوڵمو زۆری ڕژێمی بەعسی ڕوخاوەوە، ئاوارەی شارەکانی تری هەرێمی کوردستان بوون. لەو چوارچێوەیەدا (٥٤) ماڵە ئاوارەی کەرکوك ڕوویان لەشاری قەڵادزێ کردووە کە سەرجەمیان (٢٧٠) کەس بووەو تا هەنوکەش بەشێکی زۆری ئەو ماڵانە لەو شارە نیشتەجێن. ( حەمە سوور کەرکوکی) کە خەڵکی ناوچەی شوانی سەر بە پارێزگای کەرکوکەو نوێنەری ئاوارەکانە لەقەڵادزێ پێی ڕاگەیاندین کە لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە ( ٢٠٠٣)، ١٢ ماڵ گەڕاونەتەوە شاری کەرکوكو دەوروبەری کە ژمارەیان ( ٧١) کەس بووەو تا ئێستاش (٤٢) ماڵی تر لەناو شاری قەڵادزێداماون کە ژمارەیان (١٩٩) کەسە. (حەمە سور کەرکوکی)ئاماژەی بەوەشدا کە لەو (٤٢) خێزانەی کە ئێستا لەناو شاری قەڵادزێدا ماون) (٢٧) خێزانیان بایەعیەکەیان گواستۆتەوە شاری کەرکوك، بەڵام جارێ تا ڕەوشی کەرکوك بەم چەشنەی ئێستا بێتو بارودۆخ ئاسایی نەبێتەوە ئامادەنین بگەڕێنەوە. هەروەها ڕونیشی کردەوە کە هەموو ئەو ئاوارانەی لە قەڵادزێ وە گەڕاونەتەوە شاری کەرکوك پەشیمانن، چونکە لەدۆخێکی زۆر نالەباردا دەژین. حەمە سور کەرکوکی وتیشی: ئەگەر بارودۆخ گونجاو بێتو دڵنیابین لەوەی قەرەبوی زیانەکانمان دەکرێتەوە بەدڵنیاییەوە دەگەڕێینەوە.